شرۆڤە

ساڵی بیستو پێنجەم
ژمارە: (٧١١٨) سێشەممە
١٥ / ١١ / ٢٠١٦

کوردستانی نوێ

دووتوێیەکی ناوبەناوی کوردستانی نوێ-یە سەبارەت بەشرۆڤەی چەمکێکی سیاسی کە پاڵپشتە بە نموونەی زیندوو و ئەزموونکراو لە جیهاندا

ئەم بابەتە شرۆڤەیەکی مێژووییە سەبارەت بە جینۆسایدی نەتەوەو پێکهاتە جیاجیاکان لە ١٠٠ ساڵی رابردووی دەوڵەتی تورکیاو بەستنەوەیەتی بە رۆژگاری ئەمڕۆوە کە ئەم دووتوێ چوار لاپەڕەییە بەشی یەکەمییەتی و رۆژی یەکشەممەی داهاتوو بەشی دووەمیش لە دووتوێیەکی چوارلاپەڕەییدا بڵاودەکەینەوە.

# تورکیا.. سەد ساڵ لە جینۆسایدی کەمینەکان

## لە تەلعەت پاشاوە تا ئەردۆغان

### تورکیا

لە ٢٥٪ی دانیشتوانی تورکیا لەکەمینەکان پێکدێت. لە ١٨٪ی کوردو لە ٧٪یش لەعەرەب، چەرکەس، لاز، گورج، ئەرمەنی، یۆنانی و نەتەوە بچوکەکانی تر پێکدێت.

بەپێی گۆڤاری ئیکۆنۆمستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێت، ئێستا کەمینەی (ناموسڵمان) کەمتر لە ١٪ی ٨٠ ملیۆنی دانیشتوانی تورکیا پێکدێنێت؛ ٩٠ هەزار ئەرمەنی، ٢٠ هەزار ڕۆمانی کاسۆلیک، ٢٣ هەزار جوولەکە و ٢٥ هەزاریش یۆنانی ئۆرتۆدۆکس. ئەم کەمینانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بڕیاری سیاسی لە وڵاتدا نییە. هەر لەدوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا و نووسینەوەی یەکەم دەستوور لە ساڵی ١٩٢٤، هیچ شوێنێک بۆ کەمینەکان لەناو تورکیا دیاری نەکرا، لە بەندی ٨٨ی ئەو دەستوورەش دەڵێ: "هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ جیاوازی ئایین و ڕەگەز، تورکن." هەرچەندە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ پەیماننامەی سیڤەر دەوڵەتێکی ئەرمەنی و ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دیاری کردبوو؛ بەڵام لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٤ پەیماننامەی لۆزان ئەمەی هەڵوەشاندەوە.



سۆران جەلیل ئیبراهیم

### جینۆساید (Genocide) چییە؟

ماددەی دووەمی کۆمسیۆنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ڕێگرتن لە جینۆساید؛ لە ٩ی دیسەمبەری ١٩٤٨ دەڵێ: "جینۆساید کارێکە بۆ لەناوبردنی بەشێک یان هەموو؛ گروپێکی میللی، نەتەوەیی، ڕەگەزی یان مەزهەبی بێت، زیان پێگەیاندنی جەستەیی یان ڕۆحی ئەندامانی گروپێک، بە ئەنقەست دانانی گروپێک لەژێر بارودۆخێکی خراپدا، ڕێگری کردن لە منداڵ بوونی گروپێ، بەزۆر گواستنەوەی منداڵانی گروپێ بۆ گروپێکی تر.

ڕافائیل لمکین مافپەروەری جوولەکەی پۆڵۆنی لە ساڵی ١٩٤٣ وشەی جینۆسایدی داهێنا، ئاماژەی بە هەردوو جینۆسایدی جوولەکەکان بەدەستی نازییەکان و ئەرمەنییەکان بەدەستی تورکەکان کرد.

### کەمینەکان (Minorities) کێن؟

بە گروپێک لە خەڵک دەوترێ کە خاوەن کولتوور، نەژاد، داب و نەریت یان مەزهەبی جیاواز بن، لە کولتوور و مەزهەبی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین.

لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ کۆماری تورکیا دامەزرا؛ دەستوورێکی سیکولار دانراو ئایینی ئیسلام پەراوێز خرا؛ زیاتر جەختی لەسەر نەتەوە دەکردەوە نەک مەزهەب، بەڵام دواتر مەزهەبیش بوو بە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی، ئەمە لە سەردەمی ئەردۆغاندا زیاتر پەرەی سەندووە. دەتوانین بپرسین هۆکارەکانی گەڕانەوەی تورکیا بۆ ئیسلام چین؟ هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامەوە؛ کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕۆڵێکی خراپی گێراوە لە سەرکوتکردنی کەمینەکان. تاکو کۆمەڵگەش بەتوندی موسڵمان بێت، ئەرکی بەرگری لەخۆکردنی کەمینەکان سەختتر دەبێت، بە شێوەیەک کە چارەی تریان بۆ نامێنێتەوە؛ یان ئەوەی ببن بە موسڵمان، یانیش ئەو شوێنەی کە هەزاران ساڵە لێی نیشتەجێن بەجێبهێڵن. وەکو ئەوەی ئێستا لە تەواوی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیبینین، واتە؛ کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچەیە بەرەو یەکڕەنگبوون دەڕۆن.

لێرەدا پێم باشە بەکورتی ئاماژە بەو گەڕانەوەیەی تورکیا بکەم بۆ ئیسلام، کە دەردەسەری زیاتری بۆ کەمینەکان دروست کردووە؛ دیارە کە ڕۆڵی نەتەوەپەرستەکانیش لەم بوارەدا لەوان کەمتر نییە. کەمینەکانی تورکیا لە ڕووی مەزهەب و نەژادەوە بەدرێژای مێژووی ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی لەناوچوون بوونەتەوە.

> جێگری سەرۆکی کاروباری ئایینی عارف سوی تورک لە ساڵی ١٩٨٠ دەڵێ: «هەست و سۆزی نەتەوەیی و ئایینیمان تێکهەڵچووە، سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی هەوڵدەدات لەپێناو بەهێزکردن و هاندانی هۆشی نەتەوەیی و ئایینی لەهەمان کاتدا. ئەرکی ئێمە بە تەنیا لە ئاییندا کورت نابێتەوە، بەڵکو پاراستنی ناسیونالیزمی تورکیش لەخۆ دەگرێت»

### سەردەمی کودەتاکان

تورکیا لە ساڵی ١٩٧١، بەشداری کرد لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ئیسلامی کە هێشتا نەبووبووە ئەندام تێیدا، دواتر ئەو کۆنگرەیە لە ئایاری ١٩٧٦ لە ئەستەنبوڵ بەسترا و تورکیاش بوو بە ئەندام و بەڵێننامەی ڕێکخراوەکەشی مۆر کرد. بەمەش تورکیا زیاتر نزیکبووە لە دەوڵەتە ئیسلامیەکانەوە، ئەمەش وەنەبێ لە پرێکدا ڕووی دابێ، ئەوەتا جێگری سەرۆکی کاروباری ئایینی عارف سوی تورک لە ساڵی ١٩٨٠ دەڵێ: "هەست و سۆزی نەتەوەیی و ئایینیمان تێکهەڵچووە، سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی هەوڵدەدات لەپێناو بەهێزکردن و هاندانی هۆشی نەتەوەیی و ئایینی لەهەمان کاتدا. ئەرکی ئێمە بە تەنیا لە ئاییندا کورت نابێتەوە، بەڵکو پاراستنی ناسیونالیزمی تورکیش لەخۆ دەگرێت".

مەسعود یەڵماز لە ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ دەڵێ: "ئایین ئەدگارێکی سەرەکی کەسێتیی نەتەوەیی تورکە." تانسۆ چیللەری سەرۆکی حزبی (ڕێگای ڕاست)یش دەیوت: "ئێمە خاوەنی کەلەپووری ئیسلامی خۆمانین." سەیرە کە ئەو وڵاتە بەدرێژایی پێنچ سەدە ڕابەرایەتی ئیسلامی کردبێت، ئێستا ببێتە ئەندامێکی نامۆی ئەو جەستەیە، یان دژی بێت. بەبۆچوونی ئاکپارتییەکان ئەم دابڕانەی تورکیا لە جیهانی ئیسلامی وای لێدەکات نەتوانێ ڕۆڵی خۆی بەتەواوی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینێ. بۆیە تورکەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە مێژووەکەیان بەسەریاندا سەپاندوویەتی کە ئەویش دامەزراندنی پەیوەندییەکی باشە لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیدا.

ئێستا لە تورکیا سەردەمی دروست کردنی مزگەوتی زیاترە، سەرلەنوێ دەستکراوە بە نووسینەوەی برێک لە کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندن لە خوێندنگە ناوەندییەکاندا، بەجۆرێک لەگەڵ ئاراستەکردنی (تورکی-ئیسلامی) بێتەوە، بەپێی دروشمی؛ "باشترین تورک تورکی موسڵمانە، باشترین موسڵمانیش تورکی موسڵمانە.

### قوتابخانە ئایینییەکان

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی سەرۆکایەتی گشتی سوپای تورکیا لە سەردەمی حکومەتەکەی نەجمەدین ئەربەکان، ژمارەی ئەوانەی بەشداریی خولەکانی قورئان خوێندن دەکەن بەنزیکەی دوو ملیۆن قوتابی دانراوە، ئەم ژمارەیە ساڵانە زیاد دەکات، بەشێوەیەک لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی حزبی ئاکپارتی ئیسلامگەرا لە ساڵی ٢٠٠٢ گەیشتۆتە حەوت ملیۆن قوتابی. زۆربەی خوێندنگە ئایینییەکان لەگەڵ کودەتاکەی ساڵی ١٩٩٧ داخران، بەڵام ئەردۆغان ئەمەی بەبڕینی شادەماری خۆیان دەزانیی و دووبارە کەوتنەوە کردنەوەیان.

لە ڕاپرسییەکدا لە ساڵی ١٩٩٥ کە لە ئەستەنبوڵ ئەنجامدرا؛ ئەرمینیا بەڕێژەی لە ٩٠٪ ، یونان بەڕێژەی لە ٨٩٪ و ئیسرائیل بەڕێژەی لە ٨١٪، لە سەرووی لیستی ئەو وڵاتانەوە بوون کە تورکەکان ڕقیان لێیانە، پاش حەفتا ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆمارێکی سیکولار لە گۆمەڵگەیەکی موسڵماندا، هەستی ئیسلامی بەسەر گەلی تورکدا زاڵبووە، بەتایبەتی لەو



رەجەب تەیب ئەردۆغان



تەلعەت پاشا





مەسەلانەدا کە ڕەگێکی مەزهەبییان هەیە. بەجۆرێک کار گەیشتۆتە ئەوەی کە داوای گۆڕینی دەستوور بکەن لە سیکولارییەوە بۆ ئیسلامی، ئەوەتا لە نیسانی ٢٠١٦ ئیسماعیل قارەمان سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا دەڵێ: "ئێمە وڵاتێکی موسڵمانین؛ کەوابوو دەبێ خاوەن دەستوورێکی ئایینی بین."

### ئێستا دەستی ئەردۆغان واڵابووە

شارەزایان باس لە دوو قۆناغ دەکەن کە دەوڵەت بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتگیری لە ئایینی ئیسلام کردبێ. قۆناغی یەکەم لە پەنجاکاندا بوو کاتێ عەدنان مەندریس بە سەرۆکایەتی حزبی دیموکرات دەسەڵاتی کەوتە دەست و هەوڵیدەدا مزگەوتی زیاتر دروست بکرێ و پەیمانگەی ئیسلامی دابمەزرێ. قۆناغی دووەم لە پاش کودەتاکەی ١٩٨٠بوو کە هەوڵدرا بۆ زیاتر کردنی ڕۆڵی ئایین لەسەر کۆمەڵگە و دەستوور، وە لە ساڵی ١٩٨٢ وانەی ئایینی لە قۆناغەکانی خوێندنی (سەرەتایی و ناوەندی) کرا بەزۆرەملێ. تۆرگۆت ئۆزالیش باوەڕی بەکرانەوەی دەوڵەت هەبوو بەڕووی ئیسلامدا و خۆیشی لە مزگەوتەکاندا نوێژی دەکرد. وادیارە قۆناغی سێیەم لەسەر دەستی ئەردۆغان دەبێ، بەتایبەتی دوای کودەتا شکستخواردووەکەی ١٥ی تەمووزی ئەمساڵ (٢٠١٦)، کە ئیسلامگەراکان فریای ئەردۆغان کەوتن و نەیان هێشت کودەتاکە سەربگرێ. ئێستا ئیتر دەستی ئەردۆغان واڵابووە بۆ پەروباڵ کردنی سیکولارەکان و بەرەو یەکڕەنگ و یەکدەنگ بردنی کۆمەڵگەی تورکی؛ ئەردۆغان دەستی داوەتە کودەتایەکی لەسەرخۆ دژی نەیارانی و پاکسازی کردنیان لەناو حکومەت و سوپا؛ هەموو ئەم کارانەشی بەبیانووی بەرگری کردن لە دیموکراسی دادەنێ، ئەردۆغان خۆی دژی دیموکراسییە و بینیمان چۆن لایەنگرانشی بە (یا الله، بسم الله، الله اکبر)ەوە هاتنە سەرشەقام؛ جا بەم حاڵەوە چۆن بەرگری لە دیموکراسی دەکرێ و چۆن وڵات بەرەو مۆدێرن بوون دەڕوات؟! دیارە ئەم کردەوانەش یەکێتی نەتەوەیی تورکی پارچە پارچە دەکا و ئاشتی میللیش دەشێوێنێ، بەمەش تورکیا دەکەوێتە بەردەم ئایندەیەکی نادیار؛ چونکە ئەردۆغان خۆی پۆپۆلیستێکی ئیسلامگەرای ترسناکە، بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی و لەسەر دەسەڵات مانەوەی، کار لەسەر زیاتر بردنی تورکیا بەرەو ئیسلام دەکات، بۆ ئەمەش پشتی بەو حەشاماتە ئیسلامگەرا ترسناکە بەستووە.

هەر لە کۆنەوە جموجۆڵە ئایینی و ڕێبازە سۆفیگەرییەکانیش لە تورکیا برەوی هەبووە، دەکرێ بەخێرایی ئاماژە بەهەندێکیان بکەین:

### ڕەوتە ئیسلامگەراکان

١- نەقشبەندییەکان: یەکێکە لە ڕێبازە سۆفیگەرییە کۆنەکان، دامەزرێنەرەکەی خواجە بەهادین محەمەد کوڕی محەمەدە (١٣١٨-١٣٨٩ز) ئەم ڕێبازە لە سەدەی پازدە هاتۆتە ناو دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەڵام لە سەدەی نۆزدە بەشێوەیەکی بەربڵاو دەردەکەوێتەوە، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ زانا و سۆفی کورد زیائەدین ئەبولبەها خالید کوڕی حوسێنی شارەزووری ناسراو بە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) ساڵی ١٨٢٧ی زاینی کۆچی دوایی کردووە. ئەمانە میانڕەو بوون و پشتیوانییان لە پارتە ناسیونالیستە ئایینەکان دەکرد.

٢-تیجانییەکان: ئەم ڕێبازە لە سەدەی هەژدەدا لە سەردەمی ئەحمەد تیجانی (١٧٣٧-١٨١٥ز) دامەزرا، ئەم ڕێبازە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا (١٨٧٦-١٩٠٩ز) هاتە ناو دەوڵەتی عوسمانییەوە. ڕێبازی تیجانی دژی کەمالیزم بوو، لە ساڵی ١٩٥١ بڵاوکراوەیەکی دەرکرد داوای دەستوورێکی نوێی بۆ وڵات دەکرد لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی. لە ساڵی ١٩٥٣ ڕێبەری ئەم ڕێبازە (کەمال بیلاو ئۆغلۆ) دەست بەسەر کرا.

٣-سلێمانییەکان: ئەم ڕێبازە لە پەنجاکاندا سەری هەڵدا، لەسەر دەستی سلێمان حیلمی تۆناهان (١٨٨٨-١٩٥٩ز)، دژی کەمالییەکان بوو، نەیتوانی خوێندنگەی قورئان بکاتەوە، خەریکی وتنەوەی وانە ئایینییەکان بوو لە شوێنە گشتییەکان. باوەڕدارانی ئەم ڕێبازە توندڕەو بوون دژ بە سیکولارەکان، ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی و گێڕانەوەی شکۆی ئیسلام بوو لە ڕێگەی جیهادکردنەوە دژی سیکولارستەکان. بیروبۆچوونەکانی ئەم ڕێبازە لە ژیانی سیاسی و حزبی لە تورکیادا زیاتر لە قۆناغەکانی دواتر هەڵکشا.

٤-کۆمەڵەی نور: ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ (پەیامەکانی نور)ی سەعید نورسی (١٨٧٣-١٩٦٠) لە ساڵی ١٩٢٦ دەستی کردووە بە نووسینەوەی پەیامەکانی نور و لە ساڵی ١٩٥٠ تەواوی کردووە، سەرجەمیان ١٣٠ پەیامە. داوای گەڕانەوەی ئیسلامی دەکرد بۆ پاک و بێگەردییە ڕەسەنەکەی، لەگەڵ ئەوەی جوڵانەوەی ڕۆژئاواگەریی ڕەتدەکردەوە، کەچی داوای پشتبەستنی دەکرد بە شارستانیەتی پیشەسازیی و سوود وەرگرتن لێیان لە بنیادنانی گۆمەڵگەی موسڵماندا.

**شارەزایان باس لە دوو قۆناغ دەکەن کە دەوڵەت بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتگیری لە ئایینی ئیسلام کردبێ. قۆناغی یەکەم لە پەنجاکاندا بوو کاتێ عەدنان مەندریس بە سەرۆکایەتی حزبی دیموکرات دەسەڵاتی کەوتە دەست و هەوڵیدەدا مزگەوتی زیاتر دروست بکرێ و پەیمانگەی ئیسلامی دابمەزرێ. قۆناغی دووەم لە پاش کودەتاکەی ١٩٨٠بوو کە هەوڵدرا بۆ زیاتر کردنی ڕۆڵی ئایین لەسەر کۆمەڵگە و دەستوور، وە لە ساڵی ١٩٨٢ وانەی ئایینی لە قۆناغەکانی خوێندنی (سەرەتایی و ناوەندی) کرا بەزۆرەملێ**

### تیرۆرکردنی سیکۆلاریستەکان

لەپاش گەیشتنی پارتی دیموکرات بە دەسەڵات لە ساڵی ١٩٥٠ هێرشی کردۆتە سەر سیکولاریزم و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کردووە لەسەر شەریعەتی ئیسلامی. فەتحوڵڵا گولەن و شوێنکەوتووانی بزووتنەوەی خزمەت پەیڕەوی لەم ڕێبازە دەکەن.

جگە لەم گروپ و ڕێبازانە ڕێکخستنی ئیسلامی دیکەش هەبوون، کە بانگەوازیان بۆ دامەزراندنی فەرمانڕەوایی شەریعەتی ئیسلامی لە تورکیا دەکرد و شێوازی توندوتیژی چەکدارییان دەگرتە بەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. دەکرێ ئاماژە بەهەندێکیان بکەین:

١-بەرەی جەنگاوەرانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی مەزن: ئەم ڕێکخستنە ساڵی ١٩٨٤ کاتێک ساڵح میرزابەگ ئۆغلۆ لە پارتی ڕەفاهی ئیسلامی جیابووە دایمەزراند، ئەم ناوەشیان لە نووسەری ئیسلامی تورک نەجیب فازڵ کساکۆرک وەرگرتبوو کە گۆڤارێکی بەناوی ڕۆژهەڵاتی مەزن دەردەکرد. هێرشیان دەکردە سەر سیکولاریزم و ڕۆژئاوا و جوولەکە. قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر مەرجەعی کارەکانیان بوو. هەوڵیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕێگەی شۆڕشی چەکدارییەوە دەدا. ئەمانە چەند ڕۆشنبیری سیکولاریان لە ساڵانی نەوەدەکان تیرۆر کرد، ساڵی ١٩٩٨ دامەزرێنەرەکەی دەستگیرکرا و بە بیست ساڵ زیندانی حوکم درا.

٢-ڕێکخراوی دەوڵەتی خەلافەت: ئەم ڕێکخراوە لەلایەن جەمالەدین قولان (١٩٢٦-١٩٩٥) دامەزرا، بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامییان دەکرد، ساڵی ١٩٨٤ لە تورکیا بەدەرنرا.

٣-حزبوڵڵا: لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن حسێن وەلی ئۆغلۆ دامەزرا، ئامانجی ئەم ڕێکخراوەش دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو کە دەستوورەکەی قورئان بێت، ئەمانیش لە ساڵانی نەوەدەکان دەستیان لە تیرۆر کردنی چەندان کەس لە تورکیا هەبوو، تاکو ساڵی ٢٠٠٠ حسێن وەلی ئۆغلۆ کوژرا.

کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان

١-عەلەوییەکان: عەلەوییەکانی تورکیا نزیکەی ٢٠ ملیۆن دەبن، واتە؛ لە ٢٠.٪ی دانیشتوانی تورکیا پێکدێنن. نزیکەی ٣٠٠ هەزار لە عەلەوییەکان عەرەبن و زۆربەیان لە بەندەری ئەسکەندەرونە نیشتەجێن، تورکەکان پێیان دەڵێن (حاتای) ئەوانی تریش دەکەونە ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە و میرسین؛ بەعەرەبی قسە دەکەن. ٣٠.٪ی کوردەکان عەلەویین کە نزیکەی چوار ملیۆن کەس دەبن، لە شارەکانی بینگول، تونجەلی، سیواس، ئەرزنجان، ئیلازیگ، مەلاتییە، یوزگات، قارەمان مەراش، قەیسەریی و چورووم نیشتەجێن؛ بەکوردی قسە دەکەن.

عەلەوییەکان دەگەڕێنەوە بۆ بیروباوەڕی سۆفی گەورە حاجی بەکتاش (١٢٣٠-١٢٧١ز)و لە دەوری کۆبوونەوە، بیروباوەڕی خۆیان لە بیروباوەڕی شیعەی دوانزە ئیمام جیاکردۆتەوە، ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بەشێوازی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

### شۆڕشی کوردە عەلەوییەکانی (قۆچگیری)

(بیت الجمع-ماڵی عیبادەت) لەشێوەی مزگەوتی موسڵمانەکانە کە تێیدا کۆدەبنەوە. لە سەردەمی عوسمانییەکان عەلەوییەکان لایەنگری دەوڵەتی شیعەی سەفەوی بوون؛ هەر لەبەر ئەم هۆکارە کەوتنە بەر زەبروزەنگی عوسمانییەکان. لە سەدەی ١٦ سوڵتان بایەزیدی دووەم و سوڵتان سەلیمی یەکەم، عەلەوییەکانیان بە پشتگیری کردنی سەفەوییەکان تاوانبار کرد. لە ساڵی ١٩٢١ شۆڕشی کوردە عەلەوییەکانی (قۆچگیری) بەشێوەیەکی خوێناوی سەرکوت کرا، و لە ساڵانی ١٩٣٦تا ١٩٣٨ ئەندامە کوردەکانی ئەم کەمینەیە بوونە ئامانجی قەتڵوعامی بەرفراوان.

لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسیش لە ساڵانی هەشتاکان و تورگۆت ئۆزال لە ساڵانی نەوەدەکان، جارێکی تر عەلەوییەکان کەوتنەوە بەر ترس، دەوڵەتی تورکیا مەزهەبی سوننەی بەسەر عەلەوییەکاندا زاڵ کرد؛ بەجۆرێک هەستیان دەکرد هاووڵاتی پلە دوون. لە کۆتایی حەفتاکان تا سەرەتای نەوەدەکان، کردەی توندوتیژی زۆر دژی عەلەوییەکان ئەنجامدرا و زۆریان لێ کوژرا. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٧ ڕاستڕەوە توندڕەوەکان دەستیان کرد بە قەتڵوعام کردنی عەلەوییەکان لە مەڕەش کە بەسەدان قوربانی لێکەوتەوە، هەر لەو ڕۆژانەشدا بوو ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ڕۆژنامەی میللیەت، (ئاددی ئیپەکچی) کوژرا.

کودەتاکەی ١٢ی سیپتەمبەری ١٩٨٠ ڕۆژێکی ڕەشە بەلای عەلەوییەکانەوە، دەسەڵاتی تازە بۆ پەرەپێدانی مەزهەبی سوننە وانەی ئایینی لەهەموو خوێندنگەکان کردە زۆرەملێ ؛ ئەمەشیان لە ساڵی ١٩٨٢ کرد بە قانون کە تا ئێستاش جێبەجێ دەکرێ. دەسەڵات هانی خەڵکی دەدا کە لەشوێنە عەلەوییەنشینەکان مزگەوت دروست بکەن، کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ زیانێکی زۆری لە چەپەکاندا؛ کە بەشێکی زۆری ئەندامی ئەو حزبە لە عەلەوییەکان پێکهاتبوون. جێی سەرسوڕمان نییە کە عەلەوییەکان لە ڕێوڕەسمەکانی خۆیان وێنەی ئەتاتورکیان لەگەڵ وێنەی حاجی بەکتاش و ئیمام عەلی بەرز دەکردەوە. عەلەوییەکان جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩٣ لە سیواس و لە ساڵی ١٩٩٥ لە ئەستەنبوڵ کەوتنە بەر شاڵاوی تورکە ئیسلامییە توندڕەوەکان و ٣٧ ڕووناکبیری عەلەوی کوژران، دەسەڵاتدارانیش پێشوازییان لەم ڕووداوە کرد. ئاوابیە عەلەوییەکان تێکوپێک دران و گوندنشینە سوننەکانیش لەلایەن دەوڵەتەوە چەکدار کران. لە ١٢ی ئاداری ١٩٩٥ لەناو یەکێک لەو قاوەخانانەی کە عەلەوییەکانی تێدا بوو چەند پشێوییەک ڕوویداو پۆلیس نزیکەی ٢٥ عەلەوی کوشت. ئەم هەموو کوشتارە کە دژی عەلەوییەکان دەکرا، بێ هیچ بیانوویەک تەنیا ئەوە نەبێ کە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە داوای مافەکانی خۆیانیان دەکرد، بەتایبەتی لە ساڵانی نەوەدەکاندا کە لەدەوری ماڵی عیبادەت کۆبووبوونەوە؛ داخوازیەکانیان لەبواری کولتووری کورت کردبووە: هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی کە بەتەنیا دەزگایەکی ئایینی سوننی بوو، دانپێدانان بە فرە مەزهەبی، بەشداری کردنی نوێنەری عەلەوییەکان لە بەڕێوبەرایەتی کاروباری ئایینی، لابردنی ئەو بەشانەی لەناو کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندندا کە دژی ئەوان بوون؛ ئەوەی کە بە شکۆمەندییەوە باسی ئەو قەتڵوعامانەی سەدەی شازدە دەکات؛ کە دژی باو و باپیرانیان ئەنجام دراوە.

### سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی

محەمەد نوری یەڵماز، سەرۆکی کاروباری ئایینی لە ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٩٤ دەڵێ: "سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی، بەواتای بەرگری کردن لەیەک مەزهەبی دیاری کراو نییە، بەڵکو نوێنەری ئیسلامە." یەڵماز ئەوەشی ڕەتکردەوە کە عەلەوی، ئایین یان مەزهەبێکی جیا بێت لە ئیسلام. گۆڤارێکی سەر بەو دەزگایەش دەنووسێ: "دەڵێن دەبێ عەلەوییەکان نوێنەریان هەبێ لە سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی، ئەم داوایە چەند هەڵەیە! ئایا عەلەوی ئایینە؟ نە. ئایا عەلەوی مەزهەبە؟ نە. ئایا تەریقەتە؟ نە. ئیتر چۆن دەیانەوێ نوێنەریان هەبێ؟ یان عەلەوی گروپێکی تایبەتن؟ ئەوان چۆن دەیانەوێ نوێنەریان هەبێ؟" ئیمامی مزگەوتێکیش دەڵێ: "شتێک بەناوی عەلەوی بوونی نییە؛ ئەوان هەموویان تورکن. مەزهەبی وا بوونی نییە." بۆچوونی حزبی ڕەفاش هەمان بۆچوونی سەرۆکی کاروباری ئایینی بوو، عەبدولەتیف شینەر







عیبادەتگاكانی عەلەوی بەشوێنی سەرگەرمی دادەنێ و عەلەویش وەكو مەزهەب سەیر ناكات. گرنگی كێشەی عەلەوی لەوەوەیە كە بیروباوەڕەكانیان ڕەگوڕیشەیەكی دووروردرێژی لەناو دەوڵەتدا هەیە، كە دەوڵەتی توركیا نەیتوانیوە لەماوەی نزیكەی سەد ساڵ لەناوی بەرێ یان كەمی كاتەوە، گرفتی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان لایەنەكانی پەیوەندار بەم كێشەیەوە هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ، بەشێكی زۆری كێشەكانی توركیا لە ئایندەدا بەندە بەشێوازی مامەڵەكردن لەگەڵ عەلەوییەكان.

## لەكڵێساوە بۆ مزگەوتو بۆ موزەخانە

٢-مەسیحییەكان: مەسیحییەكانی توركیا پێكدێت لە ئەرمەنی و یۆنانییەكان، لە سەردەمی عوسمانییەكانەوە لە توركیان، لە ئەمڕۆدا بە بەراورد بەڕابردوو ژمارەیان تا دێت كەمتر دەبێتەوە، بەشێوەیەك كە ئێستا ژمارەیەكی كەمی مەسیحی لە توركیا ماوە، لەماوەی سەد ساڵ ژمارەیان لە ٢٠٪ گەیشتووە بە ٢٪. لەگەڵ داگیركردنی (قوستەنتنییە) لەلایەن محەمەد فاتیح سوڵتانی عوسمانی لە ساڵی ١٤٥٣ز (ئایاسۆفیا) كە یەكێك بوو لە گرنگترین كڵێساكانی ئۆرتۆدۆكس لە جیهان، كەوتبووە پایەختی ئیمپراتۆریی بێزەنتی ڕۆژهەڵات؛ كە ئەوكات پێی دەوترا (قوستەنتنییە). ئایا سۆفیای دڵی مەزهەبی ئیمپراتۆریی بێزەنتی كەوتە دەستی عوسمانییەكان و كرا بە مزگەوت، خۆری مەسیحییەت لەم ناوچەیە بەرەو ئاوابوون چوو، دوای پێنچ سەد ساڵ كاتێك كۆماری توركیای هاوچەرخ دامەزرا لەناوبردنی مەسیحییەكانیش خێراتر كرا.

دیوارەكانی ئایا سۆفیا هەم نەخشی (عیساو مریەم)ی لەسەرە هەمیش (الله) و (رسول الله)ی لەسەر نووسراوە. ئەگەر پێكدادانی شارستانییەت هەبێ ئەوە نموونەیەكی لەمە ڕوونترمان لەبەردەستدا نییە. ئایاسۆفیا نزیكەی هەزار ساڵ كلێسای ئۆرتۆدۆكسی دونیا بوو، لە سەردەمی ئەتاتورك كرا بە مۆزەخانە و جارێكی تر لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٩٧ لە سەردەمی نەجمەدین ئەربەكان داوایان كرد بكرێتەوە بە مزگەوت.

سوپای عوسمانی لە جەنگی یەكەمی جیهانی كەوتە كوشتنی مەسیحییەكان كە ئەم كۆمەڵكوژییە بە (سیفۆ) ناسراوە، ئەمەش هۆكاری سیاسیی هەبوو، عوسمانییەكان لە یەكگرتنی مەسیحییەكان لەگەڵ وڵاتانی (هاوپەیمان) نیگەران بوون، بۆیە هەوڵی لەناوبردنیان دا، سوڵتان جیهادی ڕاگەیاندو شێخی ئیسلامی عوسمانییەكانیش فەتوای دژیان دەركرد. ئەم دژایەتی كردنە لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەتاتورك توندتر بوو، لە ساڵی ١٩٢٣ كە كۆماری توركیا دامەزرا، توركیا بوو بەموڵكی توركەكان.

نووسەری تورك چەنگیز ئەكتەر دەڵێ: "هیچ وڵاتێك لەم ناوچەیە تەنانەت ئێرانیش وەك توركیا خەڵكەكەی موسڵمان نین. لێرە هەموو وڵات یەك ڕەنگە؛ هەموو موسڵمانن." پاكسازی كردنی كەمینە ناموسڵمانەكان مانای لەدەستدانی سەرمایەیەكی گەورەی ئینسانی و كولتووری بوو، لە ڕاستیدا ئەستەنبوڵ تەواوی كەلەپووری مەسیحی و جوولەكیی لەدەستدا. لەسەرەتای سەدەی نۆزدە ژمارەی دانیشتوانی ئەستەنبوڵ یەك ملیۆن كەس بوو كە ٥٠٠ هەزاری تورك بوون ٤٠٠ هەزاری یۆنانی و ئەرمەنی بوون ١٠٠ هەزاریش ئەوروپی. بەپێی ڕاپۆرتێك كە لەلایەن (بوغۆس نوبار پاشا و ئاوتیس ئاهارونیان)ەوە ئامادە كرابوو بۆ كۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە ١٨ی یەنیوەری ١٩١٩، ئاماژە بەهەموو ئەو خراپە كاریانە دەكات كە عوسمانییەكان دژی كلێساو شوێنە كولتوورییەكان كردوویانە؛ ٢٣٠٠ كلێسا، ٢٦ خوێندنگەی باڵا، ١٤٣٩ قوتابخانەی سەرەتایی و ٤٢ هەتیوخانە، كە سەرجەم ئەم شوێنانە لەژێر چاودێری هەشتاوسێ ئەسقەف بەڕێوە دەچوو، وێران كران. ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی جینۆسایدی كولتووری مەسیحییەوە.

## مەزهەبی ئۆرتۆدۆكس (هالكی)

ئەمەش مەسیحییەكانی توركیای نیگەران كردووە، لەم ماوەیەدا لە سەردەمی ئەردۆغان توركە توندڕەوە ئیسلامییەكان زۆرتر بوون. چەند ساڵ لەمەوبەر كوشتنی چەند قەشەیەكی كاسۆلیك دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، ئێستا لە كلێساكانی ئەستەنبوڵ ژمارەیەكی زۆر كەم لە ڕێوڕەسمە ئایینییەكان بەشدار دەبن. خوێندنگەیەكی مەزهەبی ئۆرتۆدۆكس (هالكی) لەنزیك ئەستەنبوڵ لەبەر ترسی توركە ئیسلامییە توندڕەوەكان ماوەی ٤٣ ساڵە داخراوە. قەشە یولیان پیستا دەڵێ: "ئەگەر دەتەوێ بە تورك حساب بكرێت، دەبێت موسڵمان بیت. كومەڵگەی توركی بەخێرایی موسڵمان دەبن، لەم ماوەیەدا كۆمەڵێ گەنجی توركی موسڵمان هاتوونەتە پێش دەرگای كلێسا و بە یەكدەنگ هاوار دەكەن (الله اكبر)، منیش پێموایە خودا گەورەیە؛ بەڵام ئەوەی كە ئەمان دەیڵێن ترسناكە."

## هێنری مورگنتائو وادەڵێ

٣-یۆنانییەكان: بەپێی پەیماننامەی لۆزان یۆنانییەكانیش وەكو كەمینەیەكی ئایینی دیاری كران، زۆربەیان لە ئەستەنبوڵ دەژین و مەسیحیی ئۆرتۆدۆكسین، لەسەرەتادا بەپێی ئەو پەیماننامەیە هەموو مافێكیان بۆ دیاری كرابوو، بەڵام دواتر دەوڵەتی توركیا لێی پەشیمان بۆوە. لە سەردەمی جەنگی یەكەمی جیهانی، بەسەدان هەزار یۆنانی بەدەستی عوسمانییەكان لەناوچوون. ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگی عوسمانی لەو باوەڕە بوو كە دەبێ كێشەی یۆنانییەكان لە كاتی جەنگ چارەسەر بكرێ، هەر وەك چۆن كێشەی ئەرمەنییەكان چارەسەركرا. شار و گوندی یۆنانییەكان لەلایەن توركەكانەوە گەمارۆ دەدرا و هەموو دانیشتوانەكەی قەتلوعام دەكران، لەوانە شاری فوكا كە ٣٠ كیلۆمەتر لە ئەزمیرەوە دوورە، لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩١٤ هەموو دانیشتوانەكەی بە ژن و منداڵەوە بەدەستی عوسمانییەكان دەكوژرێن. (هێنری مورگنتائو) سەفیری ئەمریكا لە ئیمپراتۆری عوسمانی لە ساڵی ١٩١٣تا ١٩١٦ لە ڕاپۆرتێكیدا باس لەهەموو ئەو كۆمەڵكوژییانە دەكات كە بەرامبەر بە یۆنانی و ئەرمەنییەكان كراوە، ئەشكەنجە و كوشتنی بێ ڕەحمانە، بردنی كچان بۆ حەرەمسەراكان، دەست درێژی كردنە سەریان و فرۆشتنی هەر یەكەیان بە ٨٠ سەنت، ڕاگوێزانی بە هەزاران خەڵكی بێ گوناه، سووتاندن و وێرانكردنی سەدان شار و گوندی یۆنانی و ئەرمەنینشین. ئەمەش بەپێی بەرنامەیەكی بۆداڕێژراو بووە بۆ لەناوبردنی سەرجەم یۆنانی، ئەرمەنی و ئاشوورییەكانی دانیشتووی توركیا. لە ساڵی ١٩١٦تا ١٩٢٣ بەپێی ڕاگەیەنراوێكی یەكێتی نێونەتەوەیی بۆ مافەكانی مرۆڤ زیاد لە ٣٥٠ هەزار یۆنانی لە ناوچەی پونتوس كوژران. (لۆرد جۆرج كرزن) وەزیری دەرەوەی ئەوكاتی بەریتانیا، لە كۆنفرانسی لۆزان لە كۆتاییەكانی ساڵی ١٩٢٢ دەڵێ: "یەك ملیۆن یۆنانی لە ئەنادۆڵ كوژراون، یان دوور خراونەتەوە و بەهۆی برسێتییەوە مردوون." وەكو قوربانیانی هەموو كەمینەكانی تر ژمارەیەكی دروستیش بۆ یۆنانییەكان لەبەردەست نییە؛ بەڵام وا دانراوە كە نزیك بەیەك ملیۆن یۆنانی لە ساڵەكانی ١٩١٤تا ١٩٢٣ لە ئەنجامی قەتلوعام، بەزۆر ڕاگواستن، نەخۆشیو برسێتییەوە گیانیان لەدەستداوە.

## ئاڵوگۆڕ كردنی بە كۆمەڵ

دەوڵەتی توركیای ئێستا دەڵێ: جینۆساید كردنی یۆنانییەكان بەهۆی ئەوەوە بووە كە دەوڵەتی عوسمانی هەستی كردبوو كە یۆنانییەكانی ناو توركیا لەگەڵ وڵاتانی دوژمن، لەوانە؛ ڕوسیا دەستیان تێكەڵ كردووە، بۆیە دەبوو بەرگری لە خۆمان بكەین. هەر لەگەڵ دامەزراندنی كۆماری توركیا، سەركردە توركەكانو یۆنانییەكان ڕێككەوتن لەپێناو یەكڕەنگ كردنی نەتەوەیی و مەزهەبی وڵاتانیان؛ دەستیان كرد بە (ئاڵوگۆڕ كردنی بە كۆمەڵ)، زیاتر لە یەك ملیۆن یۆنانی لە توركیا دەركران و نزیكەی ٣٠٠ هەزار موسڵمانیش هێنرانەوە بۆ توركیا. ئەو پاشماوەیەشی كە مابوونەوە لە ئەستەنبوڵ دەژیان و باجێكی زۆریان دەدا. دوای لە ٦و٧ی سێپتەمبەری ١٩٥٥ شەپۆلێكی ڕەگەزپەرستی و ئاشووبی دژە یۆنانی دەستی پێكردو كوژراوی زۆری لێكەوتەوە، تا ساڵی ١٩٦٤ جارێكی تر دەستیان كرد بەدەركردنی بەكۆمەڵی یۆنانییەكان. بەمەش خۆیان و ئایینەكەیان (مەسیحیی ئۆرتۆدۆكس)ی بەتەواوی لە توركیا لەناوچوون. ئێستا ژمارەیەكی زۆر كەمی یۆنانی لە ئەستەنبوڵ ماونەتەوە، فۆتیس بنلیسوی یەكێكە لەو یۆنانییانەی لە توركیا ماوەتەوە، دەڵێ: "ترسێكی زۆر كەمینەی ناموسڵمانەكانی گرتۆتەوە، هۆكاریشی زۆرە، سیاسەتی وڵات و ئاماژەكانی سەرۆك كۆمار و سەرۆك وەزیران بە ناسنامەی ئیسلامی بوون و ئەو هەموو دەنگە لەناو حكومەت دژ بە كەمینە ناموسڵمانەكان، ئەو قسانەی كە دەكرێ لەبارەی پەیوەندی توركیا بە داعشەوە، هەموو ئەم شتانە وایكردووە كە ڕێگەیەك بۆ هەڵاتن بدۆزینەوە."

لە دیسەمبەری ٢٠٠٧ ئەنجومەنی نێونەتەوەیی بۆ توێژینەوە لە جینۆساید (IAGS)، ئەو كۆمەڵكوژیانەی لە ساڵانی جەنگی یەكەمی جیهانی دژی یۆنانییەكان ڕوویداوە بەشێوەیەكی ڕەسمی بە جینۆساید ناساند. گرنگی كەمینەی یۆنانی لە توركیا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی كە ئەم كەمینەیە هەیەتی بەتایبەتی لەڕووی ئایینییەوە، چونكە یونان دەیەوێ بەپێی قانون مافی یۆنانییەكان دیاری بكات، بەوەی كە شوێنی پاتریاركی ئۆرتۆدۆكسی جیهان دەكەوێتە ناوچەی فەنەر لە ئەستەنبوڵ، دەیانەوێ ئێرە وەكو ڤاتیكان لێبكەن؛ بەمانای دروست كردنی دەوڵەتێكی مەزهەبی لەناو دەوڵەتی توركیا. یۆنان لەلایەن توركیا بەوە تاوانبار كرا كە خەریكی دامەزراندنی ناوەندێكی مەزهەبی ئۆرتۆدۆكسییە لە ئەستەنبوڵ، ئەمەش ئاڵۆزی زۆری لە نیوان هەردوو وڵات لێكەوتەوە و یۆنانییەكی زۆر لە توركیاوە كۆچیان كرد بەرەو یونان.

**باڵیۆزی ئەمریكا لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٣تا ١٩١٦ لە ڕاپۆرتێكیدا باس لەهەموو ئەو كۆمەڵكوژییانە دەكات كە بەرامبەر بە یۆنانی و ئەرمەنییەكان كراوە، ئەشكەنجە و كوشتنی بێ ڕەحمانە، بردنی كچان بۆ حەرەمسەراكان، دەست درێژی كردنە سەریان و فرۆشتنی هەر یەكەیان بە ٨٠ سەنت، ڕاگوێزانی بە هەزاران خەڵكی بێ گوناه، سووتاندن و وێرانكردنی سەدان شار و گوندی یۆنانی و ئەرمەنینشین. ئەمەش بەپێی بەرنامەیەكی بۆداڕێژراو بووە بۆ لەناوبردنی سەرجەم یۆنانی، ئەرمەنی و ئاشوورییەكانی دانیشتووی توركیا**


## ئەنتیسێمیتی- دژە جوولەكە


٤-جوولەكەكان: جوولەكەكانی توركیا لەڕووی زمان و نەژادەوە وەك یەك نین، زۆربەی جوولەكەكانی توركیا ئەوانەن كە لە ساڵی ١٤٩٢ لە ئیسپانیا دەركران و كۆچیان كرد بۆ توركیا. كاتێك كە ئیسپانیا كەوتەوە دەستی كاسۆلیكەكان، لەلایەن دادگای تەفتیشەوە ئاگادار كرانەوەو سەرپشكی كردن لەنێوان دوو شتدا: یان ئەوەتا دەبێ ئایینەكەی خۆیان بگۆڕن و ببن بە مەسیحی، یانیش دەبێ ئیسپانیا بەجێبهێڵن. بۆیە زیاد لە سەد هەزار جوولەكە كۆچیان كرد بۆ ئەستەنبوڵ. بەپێی ئامارەكانی ساڵی ١٩٩٢ ژمارەیان نزیكەی ٢٥ هەزار كەس دەبێت. جوولەكەكان وەكو هەڕەشە دادەنران لەسەر توركیا، لە ساڵی ١٩٢٣ ڕێوشوێنی توند گیرایە بەرو ئازادی هاتوچۆیان لە ئەنادۆڵدا لێ قەدەغە كرا. بەرپرسە كەمالیستەكان زاراوەی (ئەنتیسێمیتی- دژە جوولەكە)یان بەكاردەهێنا. لە ساڵی ١٩٣٠ەوە ئەرمەنی و یۆنانییەو جوولەكەكان لە دامەزراوە گشتییەكان لەسەر كار لادەبران و شوێنیان بەكەسی توركی موسڵمان پڕ دەكرایەوە. لە ساڵی ١٩٣٤ هەڵمەتی دژە جوولەكە زیادی كرد، دژی ئەوانەی كە ڕەتیان كردەوە بەتوركی قسە بكەن. (جەواد ڕەفعەت ئەتیلهان و نهال ئەدسین)، دوو بەرپرسی دژە جوولەكە بوون لە حكومەتی ئەو كاتی توركیا بەبیانووی ئاسایشی نیشتمانی بڕیاریاندا جوولەكە بەكۆمەڵ بەدەر بنێن، ئەم هەڵمەتە تا ساڵی ١٩٤٤ بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٣٨ توركیا چەندین یاسای دەركرد كە ڕێگەی لە جوولەكە هەڵاتووەكان دەگرت بێن بۆ توركیا. لە ساڵی ١٩٤٢ (٧٨٠) جوولەكەی ڕۆمانی پەنایان بۆ توركیا هێنا، بەڵام توركیا ئامادە نەبوو وەریانبگرێ و داوای كاپتنی كەشتێكەشی ڕەتكردەوە كە داوای كردبوو بۆ ماوەیەكی كەم ڕێگە بدەن كەشتێكە لە بەندەرێكی توركیا لەنگەر بگرێ. دوای یەك دوو مانگ سەرگەردانی دواجار لەناو دەریای ڕەشدا لەلایەن ژێردەریاییەكی نەناسراوەوە بە تەواوی سەرنشینانییەوە نقوم كرا

لە ئۆكتۆبەری ٢٠٠٣ زنجیرەیەك تەقینەوە كە خرانە پاڵ ئەلقاعیدە و ئیسلامییە توندڕەوەكانی تورك، شوێنی جوولەكەكانی لە ئەستەنبوڵ كردبووە ئامانج، ٣٢ قوربانی لێكەوتەوە.

## سفاردی، ئەشكنازی و قرائتی

زمانی جوولەكەكان كاتێك كە لە ئیسپانیاوە هاتن بۆ توركیا ئیسپانی بوو، بەڵام وردەوردە ئەم زمانە ڕووی لە كزی كرد، بەجۆرێك ئەوانەی ئێستا بەم زمانە قسە دەكەن نزیكەی لە ١٠٪-٥، هەربۆیە بڵاوكراوەی شاڵۆم


مەولانا خالیدی نەقشبەندی


سەعید نورسی


شێخ سەعیدی پیران



تورگوت ئۆزال


ئۆرهان پاموک


ئەنوەر پاشا


مستەفا کەمال ئەتاتورک


عەدنان مەندەریس


فەتحوڵڵا گولەن


سلێمان دەمیرەل


مەسعود یەڵماز


نەجمەدین ئەربەکان


تانسۆ چیللەر


کەنعان ئەڤرین

چەند لاپەڕەیەکی تەرخانکردووە بۆ ئەم زمانە. هەموو جوولەکەکانی تورکیا بەتورکی قسە دەکەن و تورکی بووە بەزمانی دایک، تەنیا ڕێژەیەکی زۆر کەم زمانی عیبری دەزانن. ئەوانەشی کە کەوتوونەتە ناوچە کوردو عەرەب نشینەکانەوە کوردیو عەرەبی دەزانن. لە ڕووی مەزهەبییەوە لەسەر سێ مەزهەبن، (سفاردی، ئەشکنازی و قرائتی)، چەند کەنیسەشیان لە ئەستەنبوڵو ئەزمیر و بۆرسا هەیە، شوێنی خاخامی گەورەیان (ڕاف داود ئەسیۆ) دەکەوێتە ئەستەنبوڵەوە، کە دەورێکی باشی لە پتەوکردنی پەیوەندی نیوان هەردوو وڵاتی تورکیا و ئیسرائیل هەیە و ئەڵقەی پەیوەندی نیوان تورکیا و ڕەوەندی جوولەکەی ئەمریکایە. لەگەڵ ئەو هەموو زوڵموزۆرە دەتوانین بڵێین کە جوولەکەکانی تورکیا بەختەوەرترین کەمینەن، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەی نێوان ئیسرائیل و تورکیا. یەکەم نوێنەری ناموسڵمانی پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٠ەوە دەوڵەمەندێکی جوولەکە بوو بەناوی جیڤی قەمحی، کە لە ساڵی ١٩٨٩ (ناوەندی ساڵی پێنج سەدەمین)ی دامەزراند، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٥٠٠ ساڵ بەسەر کۆچی جوولەکەکان بۆ تورکیا. کاتێکیش کە جوولەکەکان لە ١٥ی ئایاری ١٩٤٨ لە فەڵەستین دەوڵەتی ئیسرائیلیان دامەزراند، تورکیا دوای کەمتر لە ساڵێک و لە ٢٨ی ئاداری ١٩٤٩ بەشێوەیەکی ڕەسمی دانی بە ئیسرائیلدا نا، ئەوکاتە و تا ماوەیەکی زۆر تەنیا وڵاتی موسڵمان بوو ئەو کارە بکات.

٥-ئاشووری، سریانی و کلدانی: نەتەوەیەکن دەگەڕێنەوە بۆ عیراقی کۆن، زمانی ئاشووری سەر بەخێزانە زمانی سامییەکانە، شوێنی نیشتەجێ بوونیان دەکەوێتە باکووری عیراق، باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریاو باکووری ڕۆژئاوای ئێران. لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانی ژمارەیان لە تورکیا نزیکەی یەک ملیۆن بووە. بەدرێژایی مێژوو لەم ناوچانە کۆچیان کردووە بۆ؛ ئەوروپا، ئەمریکا، ئوسترالیا ...هتد. ئەویش بەهۆی ئەو کۆمەڵکوژیانەوە کە بەسەریان هاتووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەم ناوچەیەوە. یەکەم کۆمەڵکوژییان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٨٤٠تا ١٨٤٧ کە زیاد لە ١٠ هەزار کەس کۆژرا لە هەکاری و بوهتان بەدەستی بەدرخان پاشا. ساڵی ١٨٩٥یش لە شاری دیاربەکر بە فەرمانی محەمەد ڕەشید ٢٥هەزار ئاشووری کوژران.

### ئادی شێر

هەر لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لەلایەن سوڵتان عەبدلحەمیدی دووەم و گەنجە تورکەکانەوە کەوتنە بەر شاڵاوی لەناوبردن، لە ناوچەکانی هەکاری، تور، عەبدین، سعرەت و ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا. ژمارەی کوژراوان بەپێی ئامارێکی پرۆفیسۆر (دیڤید گانت) ٢٧٥ هەزار کەس دەبێ. وە بەپێی ئامارێکی پەیماننامەی لۆزان ژمارەی کوژراوەکانی ناوچە ئاشوورینشینەکان ٣٠٠ هەزار کەس دەبێ کە نیوەی ئەو کوژراوانە ئاشوورین. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی جەودەت پاشا لە شوباتی ١٩١٥ ئاماژە دەکات، کە ئازەربایجان و وان لە ئاشووری و ئەرمەنی بەتەواوی پاک کراوەتەوە. لە ساڵی ١٩١٥ جەودەت پاشای فەرماندەی سوپا لە وان، خۆی و هەشت هەزار چەکدار دەچنە ناو شاری سیرت و بڕیاری قەتڵوعام کردنی چوار هەزار کەسی بێ گوناهی ئاشووری و ئەرمەنی شارەکە و ٢٠ هەزار کەسی دانیشتووی ٣٠ گوندی دەوروبەر ئەو شارە دەردەکات. ئەسقەفی گەورەی ئاشوورییەکان (ئادی شێر)یش لەوێ لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩١٥ دەکوژرێ. بەپێی سەرژمێریەکی قوربانییەکان لە ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن (ج. کورک دکربوران)ی سەرۆکی شورای میللی ئاشوورییەکان؛ لە نێوان ساڵانی ١٩١٤تا ١٩١٨ نزیک بە ٢٧٥ هەزار ئاشووری کوژراون؛ ٢٥ هەزار لە شاری میدیات، ٢١ هەزار کەس لە بوهتان، ٧ هەزار کەس لە نسیبین، ٧ هەزار کەس لە شانلی ئورفە، ٧ هەزار کەس لە قوچانس، ٦ هەزار کەس لە ماردین، ٤ هەزار کەس لە ئەدەنا، ٤ هەزار کەس لە براهیمی و ٣ هەزار کەسیش لە خارپرت. وە زیاد لە ٥٠٠ هەزاریش بەهۆی گواستنەوەوە گیانیان لەدەست داوە.



### کۆمەڵەی نێونەتەوەیی جینۆساید

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ژمارەیان تەنیا ٧٠ هەزار کەس مابووە، ئەوانیش زۆربەیان ئاوارە بوون؛ لە ساڵی ١٩١٨ ژمارەیەکیان لەدەستی تورکەکان ڕزگاریان دەبێ و خۆیان دەگەیەننە شارەکانی بەغدا و بەعقوبە لە عێراق، لەچەند کەمپێک لەژێر چاودێریی ئینگلیزەکان دەبن. لەژێر بارودۆخێکی خراپدا بوون، ڕۆژانە شەست تا حەفتا کەسیان لێ مردووە. بەپێی بڵاوکراوەیەکی ئەمریکا بەناوی ئەتلانتیک، دەڵێ؛ لە ماوەی شەش مانگدا گەنجە تورکەکان کارێکیان بەسەر ئاشوورییەکان دا هێنا، کە عوسمانییەکان نەیانتوانی لە ماوەی شەش سەدەدا ئەنجامی بدەن.

لە دیسەمبەری ٢٠٠٧دا کۆمەڵەی نێونەتەوەیی جینۆساید دامەزراو لەلایەن لێکۆڵەرو شارەزایان، کۆمەڵکوژیی ئاشوورییەکانو یۆنانییەکان بەجینۆساید ناسێنرا. لە ١١ی ئاداری ٢٠١٠ پەرلەمانی سوید؛ کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەنی، ئاشووری و یۆنانی بە جینۆساید ناساند.

سریانییەکانی تورکیا بەشێکی زۆریان مەسیحیی ئۆرتۆدۆکسیین، لەسەر سنووری سوریا نیشتەجێن، لە شارەکانی ماردین، نسیبین، میدیات، سافور و دیاربەکر، زۆربەیان چوونە ئەستەنبوڵ، ژمارەیان بەتەنیا لە ئەستەنبوڵ دەگاتە ٢٠ هەزار کەس. پاتریارکی گەورەیان (ئیگناتیوس ئەفرامی دووەم) دەکەوێتە شاری سیدنایا لەنزیک دیمەشق. بەڵام پاتریارکی گەورەی سریانییە کاسۆلیکەکان دەکەوێتە شاری ئەنتاکیا لە تورکیا، کەچی پاتریارک (ئیگناتیوس یوسفی سێیەم) لە بەیروت دادەنیشێ. بەشێکی زۆریان کۆچیان کرد بۆ ئەوروپا، بە زمانی سریانی قسە دەکەن. ئەمانیش وەکو کەمینەکانی تر لە پەیماننامەی لۆزان وەکو کەمینە دانران. بەدرێژای مێژوو لەژێر گوشاری توندڕەوە ئیسلامییەکان بوون.

بەڵام کلدانییەکان ژمارەیان بە ١٠هەزار کەس دادەنرێ، لەسەر سنووری سوریاو عیراق نیشتەجێن، لە شارەکانی ماردین، هەکاری و سیرەت؛ هەندێکشیان دەکەونە دیاربەکرو ئەستەنبوڵ بە زمانی کلدانی قسە دەکەن و پەیڕەوی پاپای ڕۆمان، واتە؛ کاسۆلیکین، پاتریارکی گەورەیان (ئەمانوێلی سێیەم) دەکەوێتە شاری موسڵ. بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوەیەکگرتووەکان سریانی و کلدانی لە تورکیا هەموو مافێکیان لێ قەدەغە کراوە، خاوەن هیچ خوێندنگەو ناوەندێکی خۆیان نیین، ژمارەیان لەچاو پێشتر زۆر کەمی کردووە؛ بەرەو لەناوچوونی یەکجارین.

**لەگەڵ ئەو هەموو زوڵموزۆرە دەتوانین بڵێین کە جوولەکەکانی تورکیا بەختەوەرترین کەمینەن، ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەی نێوان ئیسرائیل و تورکیا. یەکەم نوێنەری ناموسڵمانی پەرلەمانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٠ەوە دەوڵەمەندێکی جوولەکە بوو بەناوی جیڤی قەمحی، کە لە ساڵی ١٩٨٩ (ناوەندی ساڵی پێنج سەدەمین)ی دامەزراند، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٥٠٠ ساڵ بەسەر کۆچی جوولەکەکان بۆ تورکیا**